

# بیری نەتەوایەتی کورد

تاران- جەهانگیر غەفاری «ئاگرین»
E_mail: jahangir_ ghafari @ yahoo. com

**«هەر کەسێک ئێژێت غەریبی خاسە**

**ئەوە لە جوملەی خودا نەشناسە»**

رەنگە ئەگەر ئەم شیعرە فۆلکلۆرە، رۆژێک سەد جار لە زمانی شایی گێرانی ناوخۆی وڵاتەوە ببیسین، بەرەو رامان و بیرکردنەوەمان نەبات و بە کورتی پرسیار خوڵقێن نەبێت کە چی کاتێک لە زمانی هونەرمەندێکی ناڤداری بواری مۆسیقای نەتەوایەتی یەوە دەیبیسین، دەسبەجێ بەرەو بیر کردنەوە و پرسیارمان ئەبات. باشە خاڵە گیان! تولە دڵی ئەرووپا دەژی، ئازادی بە هەموو شکۆیەوە لە ئامێزی گرتووی، کەرەسەکانی خۆشگوزەرانی لە خزمەتت دایە، وەک مرۆڤ چاوت لێ دەکەن، رێزی تایبەتت هەیە، خاوەن کەرامەتی، بواری گەشە کردن و پێشکەوتنت بۆ دەرەخسێت، ئەدی ئەو سۆزە بۆ چییە؟!

ئەگەر نەختێک سەبوور بین، خۆمان وڵام ئەدەینە:

- نە ... بابە ... چاوی ئەو پەریوەیە، جوانی و ژیانی لە کوێستان و باران و ... دەبینێتەوە، دار بەروو و مازوو و گوێز ئاشنای بڵبڵەی چاوەکانین و ... واتە غوربەتەکە حیکایەتی خۆشەویستی خاک دەگێرێتەوە!

بێ شک هەر مرۆڤێک بە کۆمەڵێک داب ونەریت ... کولتوور، ئاو و هەوار، جوگرافیا و ... مانا پەیدا دەکات، لەو فەزایەدا پێکەنین و گریان. لەزەتی پێ ئەدات، زیاتر لەوەش هەبوونی مرۆڤی هاوچەشن، هاو کولتوور، هاو زمان هاو خەفەت و هاو ئازار جیهانی دەوروبەری دەرنگێنێ، بەم ئاماژەوە بەرەوە، قوتابخانە و مەکتەبێکی فکری ناسیۆنالیزم دەروێن تا پاش چاو خشاندنێک بە سەریا،لە سەرەتاوە تا ... بەرەو ناسیۆنالیزم و بیری نەتەوایەتی کورد، بادەینەوە.

١- نەتەوە

نەتەوە هاوتای – (nation)ی ئینگلیزیە کە خودی ئەم وشەیەش لە (nasci) لە دایک بوون ـەوە هاتووە، هاو ڕەگەزەکانی nation لە زمانی ئینگلیزی دا بریتین لە : natal =زێدی و nature = سروشت. زۆربەی باسکاران پێکهاتنی نەتەوە بە سەدەی چواردەهەمەوە گرێ ئەدەن، گەرچی لەو سەر و بەندەدا یان باری سیاسی کەم بووە یان باری سیاسی نەبووە. نەتەوە، لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتۆتە نێو ئەدەبی سیاسی ئەورووپاوە.

نەتەوە، وەک چەمکێکی مێژوویی–سیاسی پێکهاتەی ئەو فاکتەرانەیە:

١- ڕەگەز – نژاد

٢- زمان

٣- خاک – جوگرافیا

٤- مێژوو

٥- فەرهەنگ – کولتوور

هەڵبەت مارکس فاکتەری ئابووریشی هاوێشتۆتە سەر و هەندێک لە بیرمەندانی ئەم بەستێنە ئایینیشان لێ زیاد کردووە بە ئەگەرێکەوە، واتە لە کۆمەڵگای دێموکراتی سێکۆلاردا، وەک فاکتی بە هێز ڕەوتی نییە. نەتەوە، واتە کۆمەڵە ئینسانێکی خاوەن زمان، خاک مێژوو، کولتوور و ... تاد هاوبەش.

لە ناو فاکتەرە پێکهێنەرەکانی نەتەوەدا، جەخت لە سەرزمان کراوە. فێریدریک شۆمان Feredric Shoman دەربارەی گرنگی زمان لە ئافراندانی نەتەوەدا دەنووسێت: «باشترین سیمبۆلی دەڤەری فەرهەنگی – کولتووری هەرکەسێک زمانە).

بارکێر Barker بە لە بەرچاو گرتنی، مرۆڤ زمان، ژیان دەنووسێت: «گەلێک پەیوەندی نزیک لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، چونکە هەر زمانێک کۆمەڵە وشەیەکی ماناداری هەیە کە ڕاستەوخۆ دەگەڵ هەستی مرۆڤداپەیوەندی هەیە.»

لەم بوارەدا بۆچوونەکانی هێرتیس Hertes و فیختی Fikhtehش دیسان جەخت کردنەوە لەسەر میحوەریەت و گرنگی زمانە.

دەربارەی دەرکەوتنی وشەی نەتەوە، هانس کوهێن houns kohn دەبێژێ: «نەتەوە،بەرهەمی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای کۆیلایەتی و نیزامی فیئۆدالیتەیە و لە سەردەمی نوێدا (١٤٩٢-١٧٨٩ز) بە تایبەت پاش پەیماننامەی وێستفالیا (١٦٤٨ز) دەرکەوتووە».

٣- نەتەوایەتی nasionalism

سەبارەت بە نەتەوایەتی تاریف یەکجار زۆرە تا رادەیەک کە وتراوە: «بە قەد بیرمەندانی نەتەوایەتی تاریفی نەتەوایەتی هەیە.»

ئالفێردزیمێن alfered zimmen دەنووسێت: جۆرێک - نەوعێک لە هەست و ئێحساسی دەرکەوتە لە شایی، دۆستایەتی و شکۆی تایبەت بە وڵات واتە جوگرافیا - وڵات سەرچاوەی ئەو هەست و دۆستایەتی و سروورەیە. بارێنس barens دەبێژێ: نەتەوایەتی، ناوێکی گشتییە کە بە کۆمەڵێک هۆکار و فاکتی تێک ئاڵاوی دەروون ناسانە و کولتووری کە بنەمای یەکگرتوویی نەتەوەیەک پێک دێنن، دەوترێت.

کوهێن kohn، تاریفێکی بە هێزتر و بەربڵاوتر لە نەتەوایەتی دەکات و یەک راست بەرەو ئامانجی نەتەوایەتی دەچێت:

«حاڵەتێکی زەینییە کە لە ناو زۆرینەی خەڵکدا باوی هەیە ... دەوڵەتی نەتەوەیی وەک فۆرمی ئارمانی ریکخراوەی سیاسی بە رەسمیەت دەناسی. سنیدێر snyder خاک، کولتوور دەکاتە تەوەری تاریفەکەی: «نەتەوایەتی ئاستێکی زەینی و هەستی گرووپێکە کە لە چوار چێوەیەکی جوگرافیایی و دیاریکراو، دەژین و ... خاوەنی ئەدەبێکن کە باس لە خەون و ئارەزووەکانی نەتەوە دەکات.»

بێگومان - ناسیونالێزم - نەتەوایەتی وەک هەر قوتابخانەیەکی تر، هۆکاری دەرکەوتن و سەرهەڵدان و رەوتێکی تایبەت بە خۆی بۆ گەشە سەندن هەیە.

لـۆرد ئاکـتۆن lord akton دەنووسێت: «نەتەوایەتی، پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای لەهێستان ( ١٧٧٢. ز) وەک نـیازێک دەرکـەوتـووە، پاشان وەک تیئۆری دەوڵەت نەتەوە state-nation هاتگەسە ئاراوە.»

مازینـی mazini لەم بوارەدا، پێش سواری دیکە بیرمەندانە کە جان ئیستوارت میلیش پشتیوانی لێ کـردووە. زۆربـەی باسـکاران رۆشـنگەری و شۆڕشـی مـەزنی فەرانسە (١٧٨٩ ز) بە سەرەتای دەرکەوتنی نەتەوایەتی دەستنیشان دەکەن.

هەوراز و نشێوەکانی نەتەوایەتی لە روانگەی جۆر بە جۆرەوە دیاری کراوە، میرۆئیسلاو هیرۆک miro slaw hirok دەنووسێت:

١- نەتەوایەتی لە چاخی نۆزدەهەمدا - کە بە شێوەیەکی فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی دیار بووە.

٢- دەرکەوتنی نەتەوایەتی وەک چالاکی سیاسی.

٣- نەتەوایەتی پشتیوانی لێکراو لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە.

هیرۆک نەتەوایەتی لە کوچی و کوڵان و شەقام و بازارەوە بەرەو پارت و رێکخراوەکان دەبات و دیسان دیمەنی پشتیوانی کردنی هەمان خەڵک لە نەتەوایەتی وەک فکر پیشان ئەدات.

هابس باون habs bawn لە باری دەسەڵاتی نەتەوایەتیەوە دەنووسێت:

١- (١٨٨٠-١٨٨٣. ز)، سەردەمی دەسەڵاتداری نەتەوایەتی لیبراڵ.

٢- (١٩١٤-١٨٨٠. ز) سەردەمی دەرکەوتنی بزاڤی توند و تیژی و پاوانخوازی.

٣- (١٩٥٠-١٩١٤. ز)، لووتکەی نەتەوایەتی.

بـە لە بـەرچاوگرتـن و هـەروەهـا بـنەماکانـی نـەتـەوایـەتـی و هـەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ، خوشـگگوزەرانـی و ئاسـوودەیـی ژیـان، دەتوانیـن نەتەوایەتی. هەڵبەت نەک لە ژێر خێوەتی ئەم ناوەدا بە سەردەمی یەکەم کۆمەڵگا لە جیهاندا گرێ بدەین.

### ٣- جۆرگەلی نەتەوایەتی

١- نەتەوایەتی لیبراڵ

٢- نەتەوایەتی پاوانخواز

٣- نەتەوایەتی سوسیالیزم

٤- نەتەوایەتی رووت

٥- نەتەوایەتی هەستی

جۆرەکانی ٢ و ٣ و ٤ سەریان لە سەرکوت و دیکتاتۆریەت و فاشیزم دەرهێناوە و بیرەوەری خۆشیان لێ بە جێ نەماوە. بەڵام نەتەوایەتی لیبراڵ ئازادیخواز و ئاشتی خوازە و هەرگیز باوەڕی بە چەوسانەوە و کوشت و بڕ و داگیرکەری نەبووە. ئەم مەکتەبە مانی خۆی لە نەمانی نەتەوەکانی دیکەدا نابینێتەوە، بۆیە خۆشناوترین لقی ناسیۆنالیزمە و بۆتە رەهەندێک بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان و ئاوەدانی، پیشەسازی، رەفاە و ... لێکەوتوتەوە.

نەتەوایەتی لیبراڵ خۆی بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یاسا پڕ چەک کردووە و فەلسەفەی پێک هاتنی خۆی لە سەر بنەما پەسند کراوەکانی مرۆڤی سەردەم داناوە و مەشروعیەتی خۆی لە هەڵس و کەوت و رەفتاری ئینسانی و ژین پەرەستانەی وەرگرتووە، بۆیە دەچێتە خانەی نەتەوایەتی رۆژئاواوە و دەگەڵ نەتەوایەتی رۆژهەڵاتدا توفیر و جیاوازیکی ئەوتۆی هەیە.

وەک ئاماژەیەک دەتوانین بڵێین، شەڕی یونان دەگەڵ ئیمپراتۆریای تەزاری رووس (١٨٣٠.ز) بوو بە هۆی شایی و خرۆشی نەتەوەیی لیبراڵەکانی ئەورووپا و سەرنج و پشتیوانی ئەوانی بۆ لای نەتەوایەتی لیبراڵ راکێشا.

١٤ ئەسڵە مەشهوورەکەی ویلسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بڵاو کرایەوە وەک یەکەمین دەقی ناسێنەری نەتەوایەتی لیبراڵ ناوی لێ دەبرێت، چونکە ئامانجەکانی ئەم فکرە و جەوهەریەتی ١٤ ئەسڵەکەی ویلسۆن لە تەوەرەکانی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای یاسا و دیموکراسی و ... تادیەکدەگرنەوە.

ئەندێرو وینسێنتت andrew vencent دەربارەی پێشکەوتنی و سەرکەوتنی ئەم قوتابخانەیە دەنووسێت: لووتکەی ئەوجی سەرکەوتنی نەتەوایەتی لیبراڵ لە کۆنگرەی ڤیەن (١٨١٥-١٨١٤ز) تا کاتی پەیماننامەی ڤێرسای و ١٤ ئەسڵەکەی ویلسۆن-ە.

د. ڕەفیق سابیر ڕۆشنگەری وەک ڕێخۆشکەریان هاوزادی نەتەوایەتی ناوەزەد دەکات و لە تەواوی نووسینەکانیدا ئەم دوو فکرە پێکەوە گرێ ئەدات.

### نەتەوایەتی بە گورتی

- ✓ نەتەوایەتی وڵامێکە بۆ فراوانخوازی ئیمپراتۆریا جۆربەجۆرەکان.
- ✓ نەتەوایەتی، لەسەدەی بیستەمدا، وڵامێکە لە بەرانبەری ئیمپراتۆریای ئەنترناسیۆنالیزم.
- ✓ نەتەوایەتی، بەرهەمی ڕاستە وخۆی ستەم و غەدر و سەرکوتی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ماف کوژ و خۆ بە حەق زانەکان... .
- ✓ نەتەوایەتی، دەلاقەیەکە بەرەو ڕووناکی ژینی دواڕۆژی نەتەوە بن دەستەکان.
- ✓ نەتەوایەتی سیمایەکی ئەخلاقی - عاتیفی بە خۆیەوە گرتووە، چونکە بۆ سڕینەوەی پەژارە و حەسرەتی بەندی یەکان و ڕوخاندنی دیوار و توانەوەی ئەڵقەی زنجیری بێ حورمەتی، سەری هەڵداوە.
- ✓ نەتەوایەتی، پێک هاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەچاو دەکات.
- ✓ نەتەوایەتی، نەفی کەرەوەی بەڵێنی نەیاران و خوڵقێنەری کەش و هەوایەکی فێنک و کوێستانییە.
- ✓ نەتەوایەتی بیرێکی سەرفەرازی ئەو نەتەوانەیە کە خاک، وڵاتیان بەشیری ژاراوەی کۆمۆنیزم و بنەڕەتخوازی ئایینی و ... بریندار بووە لە کاتێدا پلورالیزمی زاراوە. مەزهەب، عەشیرەت و ..تاد وەکو واقیعێکی حاشا هەڵنەگر لە ئامێزی گرتوون.

### ٤- بیری نەتەوایەتی کورد

نەتەوەی کورد لە: ١- زمان ٢- مێژوو ٣- کەلتوور ٤- خاک ٥- هەست پێکهاتووە.

واتە کورد، کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوزمان، هاوخاک، هاومێژوو ... تاد کە خاوەن جیهانێک خەون و ئارەزووی هاوبەشن. حسەین مەدەنی دەربارەی پێکهاتنی نەتەوەی کورد، دەنووسێت: «نەتەوەی کورد بەرهەمی کۆمەڵە خەڵکێکە لە پرۆسەیەکی مێژوویی و لە نێو وڵاتی (خاکی دابەشکراو) لە بارتەقای ئیدەیەکی هاوبەش دا شکڵی گرتووەو ...»

سەبارەت بە سەرهەڵدانی نەتەوایەتی کورد گەلێک دید و بۆچوون هەیە. د. رەفیق سابیر، دامەزراندنی شاری سلێمانی وەک پایتەختی بابانەکان کە بووە هۆی دەرکەوتنی «من» و «ئەویدی» بە سەرەتای نەتەوایەتی کورد یان یەکەم تروسکەی شکڵ گرتنی فەلسەفەی نەتەوایەتی کوردی ناودەبات و ئەمجار دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ز) لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و هاورێیانی یەوە وەک چالاکی و تێکۆشانێکی دیکەی ئەم بوارە دەزانێت و ... تاد لە واقیع دا رەفیق سابیر هۆشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی پێکەوە گرێ داوە.

لە بەرامبەر رەفیق سابیردا، حسەین مەدەنی مێژوویزمی دیدەکەی زەقتر و بەرچاوترە، ئەو دەنووسێت: ... شیعری شاعیری ناڤدار شاوەیس قولی (١٣٩٠ز) یەکەم نیشانەکانی نەتەوایەتی کوردی تۆمار کردووە:

«ئەسڵمەن جەکورد، ئەسڵمەن جەکورد

با بۆم کوردە نان، ئەسڵمەن جەکورد

من ئەو شیرەنان چەنی دەستەی کورد

سلسلەی سوپای زوحاک کەردم ورد»

پاشان شیعری شاعیرانی سەدەی پازدەهەم فەقێ تەیران و مەلای جەزیری - وەک دووەم ئاستی دەرکەوتنی نەتەوایەتی دەزانێت و دواتر دێتە سەر مەم و زینی ئەحمەد خانی لە سەدەی هەڤدەهەم دا.

«گەردێ هەبوویا مە پادشاهەک

لایەق بدی یا خودێ کولاهەک

تەعیین ببویاژبۆ وی تەختەک

زاهیر ڤەدەبوو مەبەختەک

حاسل ببویاژ بۆ وی تاجەک

ئەلبەتە دەبو مەژی رەواجەک

غەم خواری دکر، لە مەیەتیمان

تینانەدەری ژدەست لە ئیمان».

د. عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێت: «ئاڵای بیری نەتەوەیی لە سەدەی هەڤدەهەم دا حەزرەتی ئەحمەد خانی هەڵیگرت و پاش ٢٠٠ ساڵ لە سەدەی نۆزدهەم دا حاجی قادری کۆیی تۆزی لێ تەکاند و منیش لە سەدەی بیستەم دا، بە تەواوەتی خۆمم تەرخان کرد، بۆ ئەو بیرە نەتەوایەتی یە». پەشێو لە درێژەدا دەڵێت: هەڵبەت گەلێک لە شاعیران، نووسەران و ... تاد، شوێن پەنجەی هەڵویست گرتنی نەتەوەیی لە سەر شیعر و هونەر و نووسراوەکەیاندا دیارە.

لێرە پرس ئەوەیە، بۆچی وێڕای مەودایەکی نزیک ٢٠٠ ساڵەی دەرکەوتنی نەتەوایەتی کورد و ڕۆژئاوا، ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی نەگەیشتووە؟

بێگومان ئەو ئازارانەی هەرەشەی لە نەتەوایەتی کورد کردووە، ڕۆژئاوایی هەرگیز بە خۆیەوە نەیبینیوەو کۆمەڵێک پەتاو ئازاری دیکەش کە بە وردی باسی لێ دەکەم، نەتەوایەتی کورد بەرهەمی ستەمی دەسەڵاتە سەرەرۆ و ستەمکارەکانە کە بە هەموو شێوەیەک لە کەلتووورسایدو تاجینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی یان سڕینەوەی نەتەوەی کوردی هێناوەتە مەیدان و بێ شەرمانە بەهەموو شێوەیەک لە پێناو نەفی کردنەوەی نەتەوەی کورددا جووڵاونەتەوە، گەرچی فاکتە بە هێزەکانی پێکهێنەرانی نەتەوەلە کوردستاندا، پیلان و پلانە دژی ئینسانی یەکانی نەیارانی بێ ناوەرۆک کردووە. پان تورکیزم، پان عەرەبیزم پان فارسیزمی ڕەزاخانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا شکۆی خۆیان لە مەیدانەکانی سڕینەوەی کولتووری ئینسانی کورد دا پیشان داوە کە چی لە بەرانبەری بێداد و ستەمی ئەواندا، شۆڕش و خەبات و خەباتکار سەریان هەڵداو ...

نەتەوایەتی کورد بەرهەمی ڕاستەوخۆی ستەمی داگیرکەران و تاڵانکەران و ئینسانیەت نەناسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، وڵامیکە لە بەرانبەری بێداد و ستەمی ئەواندا، شۆڕش و خەبات و خەباتکار سەریان هەڵداو ..

نەتەوایەتی کورد بەرهەمی ڕاستەوخۆی ستەمی داگیرکەران و تاڵانکەران و ئینسانیەت نەناسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، وڵامیکە لە بەرانبەری شەڕی دوو ئیمپراتۆریای ئایینی سەفەوی و عوسمانی کە خاکی کورد و مرۆڤی کوردیان تووشی گەلێک خەسارەت و زیان کرد، بۆیە

شـاكاری مەم و زین  لە جەنگەی بێدادی ستەم پەرەستاندا وەک دژکردەوەیەک سەرهەڵ ئەدات و دواتر وەک مانیفستێک لە کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەیی یەکاندا دەدروشێتەوە. بە ورد بوونەوە و رامان لەسەر هۆکارانی دەرکەوتنی نەتەوایەتی کوردی دەتوانین کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆی دەستنیشان بکەین.

١- ئـازادیخوازی ٢- ئاشـتی خـوازی ٣- دیموکراسـی خوازی ٤- ڕێزدانان بۆ جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ ٥- خۆشەویستی و کەرامەتی ئینسان ٦- حەز لە گەشە کردن و سەربەستی دیکە نـەتـەوەکـان ٧- تـووڕە بـوون لە داگیر کـەری ٨- ئـەخلاق گەرایی و عاتیفی بوون ٩- دژی جینۆسـاید، کـەلتوورسـاید ١٠- دژی تـیرۆر ١١- دژی فاندامانتالـیزم و بـنەڕەتخـوازی ١٢- حورمەت دانەری بیروباوەڕی تاکەکەسی ١٣- ئیمان بە بەرابەری مافی ژن و پیاو ١٤- ڕێزی تایـبەت بۆ بنەماڵەی خاوێن و جەخت لە سەر کاریگەریەکانی ١٥- نەفی کەرەوەی میلیتاریزم و دەسەڵاتی پۆلیسی.

ئـەگـەر بـە دیدێکی ناسیۆنالیستی و بە پێوەرێکی نەتەوایەتی یەوە چاو لە بزووتنەوەی کوردی و کوردسـتانی یـەکـان بکەین، بێگومان زۆربەی هەرەزۆری پارت و ... تاد، زیاتر مۆرک و ڕەنگ و بۆنـی عـەشـیرەت گـەرایی، خێڵایەتی، چینایەتی، شێخایەتی و لە مۆدێرن ترین فۆرمدا، حیزبایەتی یـان پـیوەدیـارە، ڕێکخـراوەیەکی نەتەوایەتی قەت بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆی و گەیشتن بە شـێوە دەسـەڵاتێکـی partstate هـەرەشـە  لە بـەرژەوەنـدی نـەتەوایەتی و کەرامەتی نەتەوە ناکات! پارتێکـی نـەتەوەیی هەرگیز چەک بەرانبەر ئەندامانی وڵاتەکەی ناخاتەسەرپێ، حیزبێکی نەتەوەیی قەت ئەو ئیزنە بە خۆد نادات لە چوار چێوەی بەرژەوەندی خۆیدا گاڵتە بەشکۆی نەتەوە و پشت لە مێژووی خوێنباری نەتەوەکەی بکات.

دەر لە باسـەکـەمـان نیە، ئەگەر وەک خاڵێکی گرنگ پێکەوە، نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨٠ز) بۆ نوێنەری بریتانیا بخوێنینەوە:

«نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و سەرکردەکانی کوردستان، ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی تـورک یـان فـارس دان و دانشـتوانی کوردسـتان بە فەلە و موسڵمانەوە یەکیان گرتووە و لەسەر

ئەوە ڕێککەوتوون کە قبووڵ نەکەن، کار و بارەکان بە شێوەی ئێستا یان لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا بەردەوام بن، ئێمە دەمانەوێت خۆمان حوکمرانی خۆمان بکەین.»

ئەمە یەکەمجارە سەرکردەو ڕابەرێکی کورد لە نامەیەکی ئاوەلا بۆ نوێنەری زلهێزێکی بیانی بە ڕاشکاوی داوای پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و مەشرووعیەتی داوا وویستەکەی لە ئیرادەی یەکگرتوویی نەتەوەکەی وەردەگرێت. کورد سەرەڕای هەموو ئازارێکی ناوخۆیی و دەرەکی، دوو جار دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزراندوە.

١- دەوڵەتی کوردستانی باشوور - شێخ مەحموودی نەمر - ١٩٢١ز

٢- دەوڵەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان- ١٩٤٥ ز

دەربارەی نەتەوایەتی کورد و پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی‌یەوە، ڕۆزوێڵت بێ لە بەرچاو گرتنی دەوڵەتەکەی کوردستانی باشوور ١٩٢١ ز، دەنووسێت: ئاواتی نەتەوایەتی کورد واتە (پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی) کوردستانێکی سەربەخۆ، بە دسامبەری ١٩٤٥ تا دسامبەری ١٩٤٦ ز، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات داوەدی هات.

لێرە پرسێکی کۆن بەرەو دەستنیشان کردنی هۆکارانی سەرنەکەوتنی بیری نەتەوایەتی کوردمان ئەبات، بۆ چی نەتەوایەتی کورد نەگەیشتۆتە ئامانجەکەی؟

### ه- هۆکارانی سەرنەکەوتنی نەتەوایەتی کورد

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دیموکراسیەت، مێژوومەندی، یاساگەرایی و ... تاد جەوهەریەتی نەتەوایەتی کورد پێک دەهێنن، ئەدی بۆچی ئەم فکرە بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ ڕسک نەبوو؟

١- خاکی کورد، بێ شک پارچە پارچە کردنی کوردستان و بەخشندەیی و دڵ ئاوایی زلهێزەکان، گەورەترین زەبری لە بیری نەتەوایەتی کورددلوە، زۆربەی هەرە زۆری پەیماننامەکانی دەوڵەتانی ناوچە بە ناو خوێن و ئێسکی کوردداتێ دەپەڕێ، وەک پەیماننامەی ئەل جەزایر.

٢- گرێداراوی بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیا و داگیرکەران، بۆ وێنە یەکیەتی سۆڤیەت و عێراق، ئەمریکا و تورکیا.

٣- غـەدری وڵاتـە سـەرکەوتووەکانی هەر دوو شەڕی جیهانی لە کورد، لە لایکەوە چەند دەوڵەت بۆ عەرەب بە دیاری دێنێ، لە لایکەوە وڵات و زێدی کورد لەت لەت دەکاتن.

٤- کۆمۆنیزم و هێزە چەپە توندڕەوەکان.

٥- بنەڕەتخوازی ئاینی.

٦- عەشیرەت گەرایی، ناوچەگەرایی و ...

٧- دواکەوتوویی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ...

٨- نەیار باوەڕی لە باتی خۆباوەری.

٩- بەرژەوەند پەرستی لایەنەکان.

١٠- کەمتەرخەمی، ترس، خودسانسۆری

١١- تیۆریزەنەبوونی نەتەوایەتی کورد.

١٢- قەیرانی کەسایەتی.

١٣- نادیموکراتی بوونی ڕوح و دیسیپلنی زۆربەی لایەنە کوردستانی یەکان.

١٤- نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی

١٥- بەرجەستە نەبوونی خێوەتێکی جێ متمانەو ... تاد

هەمیشە وتوومە ئێستاشی لە سەر بێت، قورسایی باری ئازارە کە بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، بێ شک ئـەگـەر ئـەمـڕۆ هوشـیارانە نەجووڵێنەوە، سبەی چارەسەری و هەتوان چی تر بە سانایی دەست ناکەوێت.

### ٦- سەدەی ٢١، ڕووناکبیری کورد و بیری نەتەوایەتی

ڕووناکبـیر لە هـەر کۆمـەڵگایـەکـدا، مروڤێکـی پێشـڕەوە کـە سـەرەڕای هـەمـوو ئـازار و چەرمەسەریەکانییەوە دوور لە هەوراز و نشێو و خەون و بریاکانی نەتەوەکەی ناژیت، بۆیە ئەم تاقمە جیهانی نوێ خوڵقێن و بێزار لە دیوار و کەلەپچە و زنجیر هەمیشە وەک ڕابەرانی ڕاستگۆی بزووتـنەوەی فـەرهـەنگی، کۆمەڵایەتی و ... تاد دەرکەوتوون. لە کوردستاندا، مێقداد بەدرخان و

قوتابیانی (عەشیرەت مەکتەب) لە باکوور تا هەمیشەی بەردەوامی رووباری ژین، لە ئەستیرەکانی ئاسمان درەوشاوەترن.

بێگومان سەدەی ٢١ ئاسۆیەکی روون و گەش بۆ نەتەوە ماف زەوت کراوەکانی دیاری کردووە، سەدەی ٢١ ژانی بە ئازادی نەتەوە بن دەستەکانەوە گرتووە، لە لایکەوە بە جیهانی بوون جوار چێوە داخراوەکانی خستۆتە بەر پەلاماری تەکنۆلۆژیای خۆیەوە، لە لایکەوە موعادیلاتی بەرژەوەندی دەوڵەتانی هەڵوەشاندۆتەوە، سەرەڕای دەرکەوتنی کۆمپانیا بان نەتەتەوەیی-فراملیتیەکان - جانتای هاتنە ناوی دنیای نوێ بە پێناسەی نەتەوەیی دەزانێت ئێستاش:

١- گرێدراوی ئاشتی سەقام مگر توو و گەرەنتکراو لە رۆژهەڵاتی ناوین بە کێشەی کوردەوە.

٢- بەرەو کۆتایی چوونی کێشەی فەلەستین

٣- نەفرەتی جیهانی لە بنەڕەتخوازی

٤- نەفرەتی جیهانی لە تیرۆریزم و بیوتیرۆریزم

٥- هەبوونی دەسەڵاتیکی کوردی لە کوردستانی باشوور.

٦- دەرکەوتنی کورد لە جیهاندا.

٧- تیکچوونی هاوبەرژەوەندی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی ناوچە، کەوایە رووناکبیری نەتەوەیی ئەرکی لە جاران گرانتر و لە هەمانکاتدا پڕ بەهرەترە، بەڕای من رووناکبیری نەتەوەیی دەبێت:

١- بۆ تیۆریزە کردنی بیری نەتەوایەتی کورد، وەک تەنیاریگای ژیانەوەیان ئافراندنی شوناس یان پێناسەی نەتەوەیی هەنگاو هەڵگرێت.

٢- بێ رەحمانە لە بەرانبەری غەدری لایەنە کوردیەکاندا هەڵوێست بگرێت و وێڕای حورمەت دانان بۆ گیانبەختکەران، رەخنە لە پەیرەو و ئەساسنامە و رەفتاری پارتەکان بگرێت.

٣- بەگژ ئەو پەتاو شێرپەنجەگەلە بچێت کە هەڕەشە لە نەتەوە دەکەن وەک: بۆ چوونە رەنگاڵەکان و بنەڕەتخوازی ئایینی و ...

٤- بە لێبوردوییەوە چاو لە کۆمەڵگا بکات و بۆ بەهێز کردنی لایەن و توێژە جۆربەجۆرەکانی نەتەوە خەبات بکات.

دیاری کورد شاهۆ

٥- خامەی سەربەخۆبێت لەکەش و هەوای پایتەختەکان، بۆ وێنە رووناکبیری نەتەوەیی چیتر نابێت چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی رووناکبیری پان تورکیزمی ئەنکارا و ئەستەمول گرێ بدات، چوونکە ئەگەر ئەم خاوەن هەڵوێست و دەقی بە هێزی خۆی بێت ئەو ناچار دەبێت بە شێوەیەک هەول بۆ پێکهێنانی رۆچنەی دیالۆگ و پەیڤین بکاتەوە

٦- «بە جیهانی بوون» وەک دەرفەتێکی نەغەیبی بزانێت بۆ گەیشتن بە بریا ئینسانی یەکانی نەتەوە.

٧- بالۆیزی ئاشتی خوازی، دیموکراسیەت و مەدەنیەت بێت.

٨- هەول بدات بە ئافراندنی تیۆری بە هێز و دیالۆگی گونجاو و حاشا هەڵنەگر بەرەیەکی نوێ لە ئاستی نەتەوەدا بخولقێنێ.

٩- ئەمرۆ بە هەموو هێز و بیر و تواناوە بەرەو هاندان و بێدار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی باشوور و پارتەکان بۆ نزیک بوونەوەیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەبات بکەن و ... تاد

بێ شک رووناکبیری نەتەوەیی کە هەموو هەویای نیشتمانەکەیەتی و هەرکام دەکرێت ئەحمەدخانی و حاجی قادرێک بن، نابێت بە هیچ شێوەیەک لە رێگای راستەقینەی نەتەوایەتی لابدات، ئەگیناسبەی مێژوو بێ بەزییانە دوگەڵیاندا رەفتار دەکات.

## سەرچاوەکان:


١- مەم و زین، ئەحمەدخانی، چاپی یەکەم، ورمێ ١٣٦٧ ک ه

٢- کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حسەین مەدەنی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١

٣- کەلتوور و ناسیونالیزم، د. رەفیق سابیر، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣

٤- ایدئولوژی های سیاسی مدرن، اندرو وینسنت، مرتضی ثاقب فر، تهران ١٣٧٨.

٥- بنیادهای علم سیاست، عبدالرحمن عالم، تهران ١٣٨٠

٦- دانشنامه سیاسی، داریوش عاشوری، تهران ١٣٨١.


ئیدی تەوار دۆت کۆم